www.kurdistannet.org
5-3-2003 19:53

سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان:

# نەخشەو مەرامە سیاسییەكانی حكومەتی توركیا مەحكوم دەكات

لە كاتێكدا گەلی كوردستان بە گشتی لەبەردەم ئەگەری كۆمەڵێك پێشهات و گۆڕانكاری سیاسی چۆنایەتی و بنەڕەتیدایەو، وڵاتەكەشمان بە ناسكترین قۆناغی سیاسیدا گوزەر دەكات. نێوەندێكی هەرێمایەتی دەیەوێت بە سوود وەرگرتن لەو كەشە ئاڵۆزو قەیرانە جۆربەجۆر چاوەڕوان كراوەكان، مرخی خۆیان لە هاتنە ناوەوەی هەرێمی كوردستان و دەست خستنە نێو كاروباری نێوخۆی كوردستان ئازیزمان خۆش كردووە، تاكو لەم رێگایەدا مەترسی جددی و هەڕەشەی گەورە بۆ سەر ئەزموونەكەمان دروست بكەن، ئەو ئەزموونەی بە شایەتی دۆست و دوژمن جوانترین شێوازو نموونەی حوكمڕانی نەك هەر لە ناوچەكە، بەڵكو بگرە سەرجەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە، ئەگەرچی ئەو بەرنامەو هەڕەشەی نێوندە هەرێمایەتیانە بەش بەحاڵی ئێمە دیاردەو حاڵەتی نوێ نین و بگرە لە رابردووشدا خۆیان وەكو هێزێكی پەرگیرو سەرسەختی دژ بە گەلی كوردستان و كێشە رەواكەی دەرخستووە، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئاقاری ئەو هەڕەشانەیان بۆ ئاستێكی مەترسیدار بەرز كردۆتەوەو بەتایبەتیش لە چەند رۆژی دوایی هەمووومان گوێ بیستی ئەوەبووین، كە حكومەتی توركیا دەیەوێت لە رێگای جۆراوجۆرو كەناڵی سیاسی و دیبلۆماسیداو بە قەناعەت پێ هێنانی ئەمریكاو بە بیانووی بەشداری كردنی لە هەڵمەتەكانی سەربازی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ سەر رژێمی عێراق، بە قوڵایی (٦٠) كم دێتە نێو خاكی هەرێمی كوردستانی ئازادكراو، تاكو لەم رێگایەشدا خەونی لاواز كردن و لەباربردنی ئەزموونی هەرێمی كوردستان بەدی بهێنێت، ئێمە لە كاتێكدا نیگەرانی قووڵ و ناڕەزایی خۆمان لە دژی مەرام و خواستە دژە مرۆییەكانی توركیا دەردەبڕین و سەرسەختانە بە هەر شێوەیەك بۆمان بلوێت لە دژیدا دەوەستینەوە، لە هەمان كاتیشدا بانگەشەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی كوردستان دەكەین، كە لە رێگای نووسین و مەعریفەی پاراویان ببنە هێزێكی دیارو كارای سەنگەر گرتن لە هەڕەشە ترسناكەكانی حكومەتی توركیاو هەروەها هەر جۆرە مەترسییەكی تر كە بیەوێت كوردستانمان دووچاری قەیران و كێشەی مەترسیدار بكاتەوە.

پێویستە حكومەتی توركیاش زیاتر چاو بكاتەوەو هۆش بە بەرخۆیدا بهێنێتەوە، كە ئەمڕۆ ئەزموونی كوردستان پایەو رەگ و ریشەی بەجۆرێك بە ناخی هەمووماندا رۆچۆتە خوارەوە، كە رەشەبای هیچ مەترسییەك لەقی ناكات، بگرە سەركردایەتی سیاسی و سەرجەم جووڵانەوەی نیشتمانی كوردستانیش بە هەموو نرخێك داكۆكی لێدەكەن و ئامادەی پوچەڵ كردنەوەو لە گۆڕنانی هەر جۆرە پیلان و نەخشەیەكی دوژمنكارانەن.

بێ گومانیش لەوەی، كە حكومەتی توركیا لە داڕشتنی ئەم نەخشەیەدا دەست بەتاڵ و بێ هودە دەمێنێتەوەو گەلی كوردستانیش و سەربەرزانە ئەو قۆناغە سەختە تێپەڕ دەكات.

ئەنجومەنی
سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان
كوردستان– هەولێر
٢٠٠٣/٢/٢٧